# بێ زیاد و کەم

جەلال بەرزنجی

**لە ژێر دروشمی:**

لە پێناوی عێراقی بوونی کەرکوک ویەک پارچەی خاکی عێراق و شەکانەوەی ئاڵای عێراق لە زاخۆوە تا فاو ) تەجەموعی جمهوری کۆنگرەی سێ یەمی خۆی رۆژی 06/9/16 لە کەرکوک بەست ,

بڕیارە گرنگەکانی ئەمانە بوون :

# دژ وەستان و رەت کردنەوەی بڕ یاری 140 دەستووری هەمیشەی عیراّق سە بارەت بە( تەعریب کردنی کەرکوک ).

# ئازاد کردنی سەدام وگەڕانەوەی بۆ کاری سیاسی .

چالاکیەکانی رۆژێک دوای تەواو بوونی کۆنگرەکە لە سەر ئەرز (5) پێنج پەلاماری تیرۆرستی بوو , لە ناو شاری کەرکوک  کە سەد100 شەهیدو بریندار لێکەوتەوە .

*

* لە گاڵتەجاری بەردەوامی ناو هۆڵی دادگای کردنی سەدام , کە بۆتە سەکۆیەکی ئازاد , بۆ (خیتابە قەومیەکانی) سەدام  و ئازار دانی ئەو کێشە گەورەو تراژیدیانە ی گویایە سەدامی لە سەر دادگای دەکەن ,عامری بە ناو دادوەر بە سەدام گووت دکتاتۆر نیت , وەک هەموو جارانیش نائۆرگەنایزی گرۆپی کوردی  بە( شەهیدو پارێزەرەکانەوە) و خراپی لە پرۆسێس کردنی زانیاریەکان خاڵی لاوازبوون , بۆیە عامریش نەیتوانی شۆڤینیەتی خۆی  و سۆزی بۆ سەدام بشارێتەوە و لە گەورەیی تراژیدیای ئەنفالیش کەم کاتەوە

* ماوەیەک لەمەو بەر بە بڕیاری سەرۆکی هەرێی کوردستان , ئاڵای نامۆی عێراق  لە ئاسمانی دائیرەکانی کوردستان هێنراخوارەوە , هەموو کوردستانیەک , بە م کارە دڵ خۆش بوون, ,بەڵام دەمی عەرەبە شۆڤنیەکانمان لێ بووەوەو تا ئێستاش قەپات نەبوون !

* لەم ماوەیە سەرهەڵگرتنی خەڵکی کوردستان  بۆ دەرەوە زۆر بووە , لەم دواییە و هەواڵی سنوور داش کردنی  زیاتر لە هەزار کەس لە تورکیاوە بۆ کوردستان بلاّو بووەوە ,ئەمەش   سەر دەمی رژێمی دکتاتۆر و شەڕی کوردو کوردمان بیر دەخاتەوە ,

دەکریٚ ناوی ئەو کۆچ کردنە بنیٚین راکردن لە تاریکی                    یان گەشتی بیٚ هیوا بوون و هەلٚبزکانی خەونەکان

* مەسەلەیەکی تر هاتنی ئەم هەموو عارەبەیە بۆ کوردستان ,جگە لەم ئەزمەی لە هەموو روویێکەوە لە کوردستان دروستیان کردووە , عارەب خەسلەتیٚکیان هەیە ,ماوەیەک لە شویٚنیٚک بمیٚنەوە ئەیکەن بە هی خۆیان , چۆن نە بە بڕیاری 58 حکوومەتی کاتی و نە بە مادەی 140 دەستووری هەمیشەی تا ئیٚستا نەمان توانیوە عەرەبە بە غەدر هاتووەکان بۆ کەرکوک , بنیٚرینەوە شویٚنی خویان,     ئەم بیست سی هەزارەی ئەمڕۆ هاتوونەتە کوردستان و بەر دەوامیش دیٚن لە دە سالٚی تردا ئەبن بە چەند؟ ئەمانە, نوکتە نین و مەسەلەی زۆر گەورەو چارە نووس سازن , هەرچەندە تازە نین ,بەلاٚم لە بیر کردن گرفتیٚکی گەورەی ئیٚمەی کوردە, ..ئەم رووداوە گەورانە بە خەمساردی, یان بە تەنیا بە لیٚدوانی لیٚپساویٚک , یان کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی یان کۆبوونەوەیەک دوایش هەرکەس بچیٚتەوە شویٚنی خۆی چارە سەر ناکریٚ , ئەم رووداوانە دەبیٚ زۆر بە هەند هەلٚبگیریٚن و وەکو مەسەلەی بنبڕ کردنی گەندەلیەکەی لیٚ نەیەت هەر قسە بیٚت وەکو شیرپەنجەرەگ داکوتیٚ! دەبیٚ پلاٚنی بەرنگار بوونەوەیان بۆ دابنریٚ و لە بار ببریٚن, پیٚش ئەوەی لە دەست بچن و,باریان نەبەین !